- راوێژکاری "کاونسلین" و ئامۆژگاری بەشێوەیەکی نارەسمی بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات لە وەرگرتنی بریارێکی راست بۆ خۆت و بۆ خێزانەکەت.
- زانیاری لەبارەی یاساکانی کۆچبەری لە بەریتانیا.
- زانیاری لەبارەی باری ئاسایش و بارودۆخی سیاسی وولاتەکەت.
- داواکردنی یارمەتی بۆ گەرانەوە لەوانەش دۆکیومێنتی سەفەر و پارە بۆ دووبارە یەکگرتنەوە

ئێمە دەزانین کەوا هەندێ مەسەلە هەیە زەحمەتە باس بکرێت. ئافرەتان دێنە لامان لەبارەی چەند گیروگرفتێکەوە لەوانەش:

- کاری توندوتیژی ناو مالەوە
- ئازاردانی لەشی/ سێکسی
- مەسەلەکانی تەندروستی ژن
- مەسەلەکانی خێزانی و منال

ئێمە هەمیشە هەوڵ دەدەین یارمەتی بدەین لەم مەسەلانە. ئەگەر خۆمان نەمان توانی یارمەتیت بدەین ئەوا رەوانەی ئەو لایەنەت دەکەین کە دەتوانێ یارمەتیت بدات.

زۆر لە ئافرەتان پشت بە داواکاری پەنابەری هاوسەرەکەیان دەبەستن بەڵام ئایا دەزانی تۆش مافی داواکردنی پەنابەریت هەیە بەشێوەیەکی سەربەخۆ؟ تۆ مافی ئەوەت هەیە داوایەکی بە جیا پێشکەش بکەیت.

هەلبژاردنی گەرانەوە یان نەگەرانەوە بۆ وولاتەکەت بریارێکی گەورەیە. هەندێ جار لەوانەیە هەست بکەیت کە بریارەکە لەدەست تۆ نەماوە.

هەندێ لە ئافرەتان لەوانەیە زەحمەت بێت بۆیان بریارێکی سەربەخۆ بدەن سەبارەت بە گەرانەوە یاخود مانەوە لە بەریتانیا بە تایبەتی ئەگەر بریارەکە لەدژی هیواو ئاواتەکانی مێردەکەی، خێزانەکەی یان کۆمەلەکەی بێت.

ئێمە لە چۆیسس "Choices" راوێژکاری ژنمان هەیە کە دەتوانی قسەیان لەگەڵ بکەیت لەبارەی وەزعت و لەبارەی ئەوەی کێ دەتوانی ئامۆژگاریت بکات سەبارەت بە مافەکان و هەلبژاردەکانت. سیاسەتی نهێنی ئێمە ئەوە دەگەیەنێ کەوا ئەو شتانەی لەگەڵ ئێمە باسی دەکەیت بۆ لایەنێکی تر ئاشکرا ناکرێت، هەتا بۆ هاوسەرەکەت و ئەندامانی خێزانەکەشت.

ئەگەر تۆ داواکاری پەنابەریت (یاخود ئەگەر پەنابەریەکەت رەفز کرابێت)، مانەوەی هەڵاوێردوو "ELR"ت پێ درابێت، باری پاراستن لەبەر هۆی ئینسانی "Humanitarian Protection"، مانەوە لەبەر چەند هۆیەکی دیاریکراو "Discretionary Leave"، دەرفەتی مانەوەی هەتایی/ باری پەنابەریت هەبێت ئەوا ئێمە دەتوانین یارمەتیت بدەین لە:

ئۆفیس لەندەن

3rd floor; 150 Waterloo Road
London SE1 8SB

Tel: 0207 654 7700
Fax: 0207 401 3699

ئۆفیس مانشستەر

4th floor Dale House
35 Dale Street
Manchester M1 2HF

Tel: 0161 2331200
Fax: 0161 2364285

ئۆفیس لیدز

Josephs Well
Hanover Walk
Park Lane
Leeds LS3 1AB

Tel: 0113 244 5345
Fax: 0113 243 5448

ئۆفیسی لیستەر

Muslim Community Resource Centre
Melbourne Centre, Melbourne Road,
Leicester LE2 0GU
Tel:  0116 261 4846
Fax: 0116 251 1712


refugee action
working with refugees to build new lives

# CHOICES

# چۆیسس

## ناميلكەيەك بۆ ئافرەتان

**خزمەتگوزاریەکی نهێنیه که زانیاری و ئامۆژگاری و یارمەتی پێشکەش بەو پەنابەرانە دەکات کە بیر لە گەرانەوەی خۆویست دەکەنەوە**

